www.kurdistannet.org
27/06/2003 00:52

بەدلەی برام پێشکەش بێت لەفنلەندا

# تەلەفۆن

کاوێزمەلاپەروێز

ژمارەی تەلەفۆنەکەم نەگۆڕاوە، هەروەکوجارانە

تەلەفۆنێکم بۆ بکە تەلەفۆن!

با گوێم لە ئاوازی دەنگت بێت

تەلەفۆنێکم بۆ بکە

ئازیز...من چەندی تەلەفۆن دەکەم زەنگ ناروا

یان......؟!

دەنگێکی بێزارکەر

تەلاری ئارامی وچاوارِوانیم دەروخێنی.

تەلەفۆنێکم بۆ بکە وبمگەڕێنەوە بۆ:

یادگاری شەوانی درێژی زستان

ئەو شەوانەی تا درنگانێک قسەت بۆ دەکردم،

بیرت چوو هەموو شەوێ بەتەلەفۆن

تەزووی خۆشەویستیت ئەبەخشیە رووحی شەکەت   وماندووم.

ئازیز

تەنها یەک جاری تر تەلەفۆن بکە

بەیادی ئەو شەوانەی :

کەپێدەکەنین وگالتەمان بەخۆمان دەهات

کە چۆن بەو شەوە خامۆشە، شار هەمووی نوستبو من و تۆش

لە هێلی تەلەفۆنەوە خۆشیمان دەگۆڕیەوە.

تەلەفۆنێکم بۆ بکە

ئەم تەنیایەم بۆ پر بکەرەوە لەهەراو   هۆریا.

دەمێکە گوێم لەدەنگت نەبوە

ئەو دەنگەی:

خۆشترین ئاوازو سۆزی تیدا بوو

ئەو دەنگەی:

کە شەوان ژوورەکەمی پردەکرد لەگوڵ   وهۆنراوە

کە دەنووستم وام دەزانی:

لەباخچەیەکی سەوزو پر لەگوڵ نووستووم

ئێستاش :

بێ خەو، بێدار، بەدیار تەلەفۆنەوە ئێشک ئەگرم

بە ئومێدی زەنگێک کە لای تۆوە نایە !

ئازیز :

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
27/06/2003 00:52

له شه‌وانی درێژی تاقه‌ت پروکێن من هه‌ر چاوه‌روانم

ئه‌م شه‌ویش:

که ته‌له‌فۆنه‌که‌م له‌ده‌ست گرت

بۆن وبه‌رامه‌ی ده‌نگی تۆی پێوه مابوو،

ئه‌وه‌نده چرپاندبوت به گوێی ته‌له‌فۆنه‌که‌دا

رووحی تیا نه‌مابوو.

ته‌له‌فۆنێکم بۆ بکه ته‌له‌فۆن.

K_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئه‌م نووسینه بیروبۆچونی حاوه‌نه‌که‌یه‌ت، کوردستان نێت له ناوه‌رۆکه‌که‌ی به‌رپرسیار نییه.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org